# پێك ناگەن



ئەنوەر قادر رەشید

نەیدەزانی لەدەست هەواڵە جەرگبڕەکانی وڵات سەر بە کویوە بنێ. دەیویست کەمێ لەو پرسە هەمیشەییە قوتار بێ، بەڵام ئەو توانا مەزنەی لەکوێ بوو، بتوانێ هۆش و زەین و سۆزی خۆی بسڕێتەوە و ببێ بە تەنەکەیەکی بەتاڵ ؟!! تەلەڤزیۆنەکەشی لێ بووبوو بە دوژمنێکی سەرسەخت و نەتەوەکەی وا پیشان دەدران کە شایستەی خێر و بەزەیی بن و هەمان کات کولتوور و شارستانییەتیان لێ داماڵیبوون و کرابوون بە نەتەوەیەکی دواکەوتووی دەوار نشینی شایستەی بەزەیی. چاوەکانی سوور بووبوون و خەویان تیادا شکابوو، سەرەخولێی پێ کەوتبوو. ئەو کۆڕەو و بەکۆمەڵ کوژی و ئاوارە بوونە بەو قەبارەیە، ئەمی کردبووە پەپوولە پایزەی دەم (با)، نەیدەزانی سەر بەکۆشی کێدا بکا و چۆن بزانێ ڕاستیی مەسەلەکان چیین ؟ تۆ بڵێی ئەو جوامێرە قارەمانەی قاچی لەسەر سینەی پیرەمێردێکی شەهیدکراوی هەولێر دانابوو، وێنەیەك بۆ یادگار بگرێ، جەنگاوەرێکی فەلەستینی بێ مەیدانی خەباتی گواستبێتەوە یان موجاهیدێکی خەڵقی خواناسە و دەیەوێ لەڕێی ئەو جیهادەوە بەهەشت بۆ خۆی بپچڕێ ؟!.بڵێی ئەو وێنەی جوامێری و قارەمانیەی خۆی نیشانی منداڵەکانیشی بدا و شانازی پێوە بکەن ؟ بڵێی لەڕووی بێت بڵێ پیرەمێردێکی پەککەوتەو کولۆڵی شەهید کردووە ؟ یان دەڵێ پاسدارێکی تارانی ؟ یا ئەفسەرێکی ئیسرائیلییە لە تەلئەبیب ؟! بەپێی تەلەفۆنەکەی سەردار بێت، ئەوە ئەوانیش ئەسپە شەلی خۆیان تاو داوە و بۆ نەتەوەی عەرەب و ئیسلام کاری مەزنی خۆیان ئەنجام داوە.

جلەکانی گۆڕی و بێ بەرنامە ملی ڕێی گرت و شۆڕ بووەوە بەرەو مەیدانی شار، هەوایەکی پاکی هەڵمژی و لەسەر یەکێ لە کورسیە تەختەکان جێگیر بوو، هەندێ چاوی بەدەورووپشتی خۆیدا گێڕا و خەندەیەکی تاڵ کەوتە سەر لێوی. سەرەتای بەهار بوو،

دەیزانی لەم ویرانەیەدا سیمای وەرزەکان ونە و لێک جوێ ناکرێنەوە. یان وەکو خۆیان دەڵێن ( ساڵی هەشت مانگێ زستانە و چوار مانگەکەی تریش، سەرماوسۆڵەیە). ئەمڕۆ بەپێچەوانەوە، هەتاو بوو، هەتاوێکی کز و بێ تین، گەرمایی نەدەبەخشی، بەو سایەقەیەش زوربەی خەڵکەکە چەتریان لەبن هەنگڵ نابوو. ئەمانە چۆن باوەڕ بە هەواڵی ئاو و هەوا ئەکەن ؟! چەندین جار هەواڵەکان پێچەوانە بوون و، هەر باوەڕیشی پێ دەکەن. دیسانەوە خەمە تاڵەکەی، وەک دەردی هەمیشەیی دڵی گرتەوە و ڕاپێچی گونجی خەیاڵ و یادگاری کردەوە. بێ ئەوەی بەخۆی بزانێ لەسەر کورسییەکە گرمۆڵە بوو.. هەموو دنیای لەبەرچاو سڕایەوەو ڕووناکی کەوتەوە سەر زەین و سۆزی و ئەمیش جڵەوی بۆ بەرەڵا کردن. دەیویست دوور لە پەردەی تەلەفزیۆن و هەواڵە جەرگبڕەکانی نەتەوە کەساسەکەی، خۆی گەشتێک بکات و هاوبەشییەکی ئەو فیستیڤاڵی بە کۆمەڵ کوژیە بکات.

ئەم خەیاڵ دەیبرد و ئەو خەیاڵ دەیهێنا. بەجەستە لێرە بوو، گیانیشی باڵەفڕێی بوو بەسەر خاکی دێرینی کوردستانەوە. کەللەی سەری بەسەرشانییەوە ئۆقرەی گرتبوو، بەلام هەست و هۆش و بیری لەوێ عەوداڵی پرسیارە بێ وەلامەکان بوو.. گیان سرکە و لە غەریبی ناسرەوێ، ڕەنگە وەک مەکینە شکاوێک جەستە بەڕێوە بەرێ، بەلام هەست و سۆزت لێ زەوت دەکاو لە نێوان زەمینی چەرمەسەری و ئاسمانی نامۆییدا هەڵت دەواسێ و ئاسوودەیی بە خۆتەوە نابینی.

ئەم دەیویست جەستە وێڵ بکا و دوای سۆز بکەوێ، با هیچ نەبێ کەمێک ئارامیی (بێ ئاسوودەییش بێ) هەر پێی ببەخشێ و لەم واقیعە ترسناکە دەربازی بکات. دەروونی دەکولا و بوبووە جێ ژوانی زریان و بورکان. دڵەڕاوکێی بۆ جڵەو نەدەکرا. تامەزرۆی گریانێکی بەسۆزی سەر شانی دایکی میهرەبانی بوو. دەیویست ئازارەکانی بە فرمێسک بشواتەوە. ئۆقرەنەگرتن کرمێکی کوشندەیە و لە ناخیدا گەرای دانابوو. ترس و ئەوین و سۆزی دووری و ئازار و دەردی غوربەت هەموو تێک ئالابوون و، دڵۆپ بە دڵۆپی خوێنیان دەکولان. دڵنیابوو ئەو هێزو توانا ئەفسووناویەی سروشت بە ئافرەتی بەخشیوە، دەرمانی ئەم حاڵەتەی ئێستای ئەمە. دەبوو بگری، بەکوڵ بگری. بەلام کوا ئەو چەکی بەرگریەی لەچاوەوە جۆگە ببەستێ و ڕوومەتەکانی بخووسێنێ و دەروونی کەمێک ئاسوودە بکا. ئەو بەهرەی گریانە دوور لە دەستێکی سۆزی سەرسەری چۆن دەتەقێتەوە و چۆن دەروونی نووتەکی ڕۆشنایی تێ دەکەوێ.

لەلاواندنەوەی جەستەی شەتەکیدا بوو کە کامێرای سۆزی دای لەشەقەی باڵ و لە ئاسمانی لێڵ و چەڕەدووکەڵی کوردستان لەنگەری گرت، وای بۆ دەچوو ئەو هەورەش بۆ سەیری ئەوان بەو شێوە ناسروشتییە نزم بوویێتەوە. لەدوورەوە جەنجاڵێک بوو، هیچی بۆ لەیەک جیا نەدەکرایەوە، وردە وردە نزیک بووەوە و چاوی کامێرا ڕوونتر دەیبینی، کامێرای سۆز لێی یاخی بوو، ئەم دەیویست جێی دایک و باوک و خوشک و هاوڕێکانی لە یەکێ لە لەقتە نزیکەکاندا بکاتەوە، تامەزرۆی گریانێکی بەکوڵ بوو لەسەر شانی باوکی، دەیویست چمکی کەواکەی دایکی بگرێ و لەئامێزیا شیوەنێکی شەیتان هەژێن بۆ کوڵۆڵی ئەوان و نامۆیی ئەم بکەن،

خۆی دەیزانی ئامێزی دایکی میهرەبان جێنزرگەی ئارامی و ئاسوودەییە، بەلام وێنەی تێکەلاوی و چەڕەدووکەڵی سنووری دروستکراو و سەرما و برسێتی و نەخۆشی و... هەموو

ئەو بینراوە جەرگبڕانەی، رۆژ بەڕۆژ لەسەر پەردەی تەلەفزیۆن دەیدین، بواری ئەوەیان نەدەدا کۆنترۆڵی کامێرای یاخی بکاو نەك تەنیا جێی خۆشەویستانی لەیەکێ لەلەقتە نزیکەکاندا بکاتەوە، بەڵکو نەشی دەتوانی ڕوو لەو سنوورە سەپێنراوەش بکا کە ئەوانی تیادا بوون، چونکە باری ژیانی دیوی تورکیا ئەوەندە دڵ تەزێن و پڕمەترسی بوو بەهۆی ترسی ژەهری ڕژێمی حیزبی کیمیابارانی بەغدا وناخی بۆگەنی تەتەرەکانی گەماڵستان و ڕق و تووڕەیی سروشتیش لەلایەکی ترەوە دەیشێلان. ئەم دەیزانی هەموو ئەو کوێرەوەریەی ئەوان دەیچێژن، لەپێناوی مەسەلە ڕەواکەی ئەم و ئەواندایە، کە بەناهەق لێیان زەوت کراوە و پەڕەوازەی ئەو سەرماو سۆڵ و دەشت و کێوانەش کراون. تەنیا داواکاری مافی ئاسایی نەتەوەکەیان ئەو بارە نالەبارەی بەسەردا سەپاندوون و گەیشتوونەتە مەرگی ناسات و ژیانی کوللەمەرگی. هەر لەقتەیەکی جەرگبڕ، ورەی ئەمی بە بنارەوە دەچەسپاند... ئەوان عەودالّی پارووبەك نان بوون و، ئەم شەیدای دوودڵۆپ ئەشکی خوێناوی تا ناخی پێ بشواتەوە و کەمێك ئاسوودەبێ.. ئەم ئارامی لێ هەڵگیرابوو.. لەقووڵایی خۆیدا پەنگی خواردبووەوە و ئاگای لە دەرەوە نەمابوو، ڕوخساری بووبو بەشاشەی دەروونی هەژاوی و بەپێی بیرو هەستی، ڕوخساریشی دەگۆڕا.. پێدەکەنی، تووڕەدەبوو، کزۆڵەی دەکرد، دەترسا.......

کامێرای سۆز، وەك هۆش و هەستی ئەم شێوابوو، جێی بەخۆی نەدەگرت و، ئەمیش لەیەك جێگا پێی دابین نەدەکرا.... هێشتا لەسەر نووزە و نرکەی سەرەمەرگی خاڵەی ڕیش سپی وەستابوو، جووڵەی لێ بڕابوو.

ــــخاڵەگیان خەم مەخۆ ناوەڕاستی خاکی کوردستان جێ نزرگەتە.. ڕۆژێك دێ خەڵکی بەکۆمەڵ بێنە سەر گوڵکۆکەت و نیازی خۆیانت لا بدرکێنن... لەچی دەترسیت ؟ !.. دەزانم هەمووژیانت هەر قوربانی و چەرمەسەری بووە.. خۆشیت لەژیانی خۆت نەدیووە.. وا ئێستا بۆت لواوە لەو نەهامەتییە ڕزگارت بێ.. لەکیس خۆتی مەدە و ئەوەندە چاو مەگێڕە، ڕەنگە ڕۆڵەکانت لە جێیەکی تر هەڵتووتابن یان شەهید کرابن، چاو لێك بنێ و ئاسوودە ڕاکشێ.. هیچی وات لەپاش بەجێ نامێنێ خەمی بۆ بخۆی، تەنیا ژان و ژێردەستی و ئەشکەنجە بەجێ دەهێڵی، ئەوانەش ئێمە لە چوارچێوەی دڵماندا دەیانپارێزین.

هێشتا ڕووداوی خاڵەی ڕیش سپی بەری نەدابوو، کە بەرگی ڕەشی لەقوڕ هەڵکشاو کادرەکەی داگیر کرد... کامێرای سەرشێت وەك بیەوێ خۆی لەو دیمەنە دڵتەزێنانە بدزێتەوە، گەڕایەوە بۆ ڕۆژانی دێرین و یادگاری زەماوەندی خۆشەویستی ( فلاشباکی کردە نێرگزەجاڕ و دەشت و دەر بە پەڵەی گوڵاڵەسوورە و وەنەوشە، هارمۆنیای مەزنی جوانی، سروشتیان کردبوو بە ئاوازی خۆشەویستی و هەست و ئارەزووی جەستەیان دەبزواند. منداڵان لەسەر گوێسوانەکان ڕێچکەیان بەستبوو، هەموو گیانیان پێدەکەنی. ڕەشبەڵەك گیراوە و مەمانی هێزی خواوەند تێزاو ئۆقرەیان لەلاوان هەڵگرتبوو، لەشانەوە تەزووی ئەوین دڵی دەدرەوشاننەوە و ئارەقی ڕەش و شینی پێ دەردەدان.. شاباشی کوڕان هەموولای سەرسام کردبوو.. منداڵی لاساریش فەقیانەی ژنانی سەرمەستی هەڵپەڕکێیان پێکەوە گرێ دەدا... قریوەی منداڵانی ئێسك سووك دەبوونە ئاوازی گەردوون و خاوێنی ناخ و ئاسوودەییان بەسەر هەمواندا دەبەخشیەوە. )

ـ ئێستا ئەو منداڵە چاوجوان و سرکانە، پاساریی چەواشە و بێ جریوەن و دەوریان بە مین و بۆمبا و نەخۆشی و سەرماو برسێتی تەنراوە.. ئەستێرەی درەوشاوەی چاویان کزبووە و قریوەیان بۆتە ناڵە و کرۆزانەوە.. پەپوولەی شلەژاون و باڵە ڕەنگینەکانیان لەسەر ئاگری نائارامی بۆکرووزیان لێ دێ....ئەم دنیایە کەڕ و کوێرن... ڕۆژی دووهەزار منداڵی پاك و بێ گەرد لەبرسا و لەسەرما دەمرن و، تەنیا تاوانیان ئەوەیە کە کوردن... ئای کوردستانی بێکەسم، کارەساتی تۆ چ ناسۆرێکی پرژان و لەجەستەمان ئاڵاوە... نەتەوە بێ دەرامەتەکەم، هەست و نەستم شپرزەن و بە ڕووت و قووتی و پێی پێخاوس لەو کێوانە لەگەڵتانم و عەوداڵ و تینووی دوو تنۆك ئاوم لەدەمی کۆرپەی سەرەمەرگی غەریبیمی بنێن... دەزانم مین و لاشە، ناخی خاکەکەمانیان پڕکردووە، ئەمیان ئەو دەتەقێنێتەوەو ئەویان ئەم بێ سەروشوێن دەکا...

پرسیاری ناوەختی تورکێك، بەیەك چرکە کامێراو هەست و هۆشی پێ گەڕاندەوەو خستیەوە زیندانی سنوورتەسکی نامۆیی.

ــ.....

ــ تورکی تێ ناگەم

ــ (بەئەڵمانییەکی شەق و شڕ ) مزگەوتی تورکەکان لەکوێیە ؟

ــ نازانم... من نە تورکم و نە نوێژکەر...

کابرا وەك تۆپەڵێ جوێنی تێ گیرابێ... چرچاوی هەزار لۆچی تێکەوت و، بەبوغزەوە ڕۆیی دەیویست هەرچی ڕقی هەیە بەرامبەر ئەو تورکانەی پەتۆو خواردنی کوردی ڕەوپێکراو دەخۆن و، بە قۆناغی چەك لەگەڵیان دەدوێن، هەمووی بەسەر ئەو تورکەدا ببارێنێ..

کاتێ ڕاپۆرتەکەی مێدیکۆی بیر هاتەوە تەزوویەکی خۆشی بەلەشیدا هات و ئەو سەلماندنی یەکێتی و خۆشەویستییەی نێوان هەموو پاچەکانی کوردستانی وەك بروسکە بەبیردا تێپەڕی..

ــ چەند جێی شانازییە، لەگەڵ ئەوەشدا لە تەتەرستانی گەماڵیستەکانەوە هەموو یارمەتییەك بۆ کوردی خواروو قەدەغەکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا کوردی ژووروی کوردستان دەستبەرداری براکانیان نابن و پەیتا پەیتا بە تەراکتۆری تایبەتی خۆیانەوە و بەقاچاغە ڕێدا خواردن و پێویستیان دەگەیێنێ.. تا ئێستا چەند کەسیان مینیان لەژێردا تەقیوەتەوە و هەر کۆڵیش نادەن و دەیسەلمێنن کە ئەوانە پەناهەندە نین و لەناوجەرگەی وڵاتی خۆیاندا جێگیرن.... دەبێ چۆن پاداشتی ئەو جوامێرییەیان بدەینەوە؟... دەبێ کەی بتوانین بیسەلمێنین کە ئێمە و ئەوان یەکین و دوژمن سنووری بۆ کێشاوین...

وردە وردە هێور دەبووەوەو لەدەورووپشتی خۆی دەڕوانی.. کیسە تووتنەکەی دەرهێنا و زەردەخەنەیەکی تاڵ لێوی تەنی.

ـ مەعلووم نرخی کیسەکە لە تووتنەکە زیاترە

کاغەزەکەی پڕ کرد لە تووتن و زیادەکەی لێ ڕاماڵییەوە ناو کیسەکە و، بەلایەکی بەزمانیدا هێنا و بەتف ماڵی و ئینجا خولێکی پێداو هەموو تووتنەکە لەیەك لادا تۆپەڵ بوو، ئەمجارەشیان ئەوەندە شل و شێواو دەرچوو ناچاری کرد وەك چکلێت ئەمسەر و ئەوسەری گرێ بدا، تا تووتنەکەی لێ نەڕژێ. ئەمەش بەزمی هاوڕێ، ئەیوت ( ئەگەر دەتەوێ جگەرە کەم بکێشی، ئەوە تووتن بکڕەو خۆت بیپێچەرەوە، یەکەم لەبەر ئەوەی هەرزانتر دەکەوێ و دووەمیش جگەرەکان کوڵتر دەردەچن و بەردەوامیش کاتی ئەوەت نابێ بیپێچیتەوە و بەناچاری کەمتر دەکێشی... لەهەمووشی گرنگتر، کاتی پێ دەکوژیت و تەزبیح ئاسایی پەنجەکانت سەرگەرمی

پێچانەوە دەبن.) یادی هاوڕێ و قسەکانی هاوڕێ خەندەیان خستەوە سەر لێوی. ئەو منداڵە پۆشت و پەرداخانەی جۆرەها یاریان بۆ ئامادەکرابوو، بەرەو لایەکی تریان ڕاپێچ دەکردی، ئەو هەموو ژیانە بێ گرێ و ئاسوودە و پڕ لە قریوەیە، بەپارەی ئەو چەکە کیمیاوانە هاتوونە ئەنجام، کە منداڵانی ئێمەیان جوانەمەرگ و سەرگەردان و کوڵۆڵ کردووە...

ـ تەیارەو دەبابەی ئێوەیە، جوانی و خۆشی لە نەتەوەکەم بڕیوە.

ئەو پێکەنینە پاکە خواوەندیەی دەورووپشتت، بوونە قریوەی منداڵانی گەڕەک

ـ ئای کەی بێ جارێکی دی گۆڕمی هەڵووکتان، دەستی ترسم پێ بنێنە سەرسەرم !!! ئەمجارەیان، شووشە بە پەنجەرەی ماڵەکەمانەوە نەهێڵن، ئینجا قۆچەقانییەکانتان ماچ دەکەم و لەگوڵ کاڵترتان پێ ناڵێم... ئای خونچە نەپوشکوتووەکان، چەند زوو خەم ڕێتان پێ دەگرێ و منداڵیتان لێ زەوت دەکا...

دیسان ماڵ و باری پێچایەوە و کامێرای سۆزی ڕەوانە کردەوە..

کچەعازەب لە سەرماندا دانەچۆقێیانەو بە مشت بەفر دەکەنە ناو قاپ و قاچاخ بەو نیازەی بیکەنەوە بەئاو و بەکاری بهێنن... ئەو منداڵە چوختیانەی گەڕەکیان دەهێنایە لەرزین، ئێستاکە پێیان لەناو بەفردا قلیشاوە و لەسەر بەفری سپی، پەڵەی سوور دەنەخشێنن و لەگەڵ هەر هەنگاوێکیاندا گوڵاڵەسوورە دەچەقێنن.

کامێرای بزێو لەوێش ئۆقرەی نەدەگرت و دەیویست تەشقەڵەی پێ بکا، یان بەشێک لە ئاواتەکانی بهێنێتە دی، یان بیەوێ داهێنان بکا و ئەو واقیعە تاڵە بسڕێتەوە. بێ هیچ چەندوچوونێک خۆی کرد بە قوتابخانەی گوندێکدا... مامۆستا و قوتابی هاوڕێ بوون و پێکەوە پەلکەزێڕینەی زانستیان دەچنی.. قوتابیان پۆشت و پەرداخ و، کچ و کوڕ تێکەڵ... هەرچی ئامێر و پێداویستی ڕوونکردنەوەی زانستی بوو لەبەر دەستیاندا بوو.. سەرگەرمی لێکۆڵینەوە و وت و وێژ بوون.. خۆشەویستی باڵی کێشابوو بەسەر پۆلدا... هەستی کرد پەنجەی سووتا، جگەرەکەی بێ نەفەس لێدان گەیشتبووە کلکی گرێدراوی.. فوویەکی لەدەستی کرد و کیسە توونتنەکەی دەرهێنایەوە.. بەهەمان دەست و پلی نەشارەزا کەوتەوە پێچانەوە، چاوی کەوتە سەر پیرێژنەکەی لەوبەرەوە دانیشتبوو دیقەتی ئەمی دەدا.. ئەم دڵنیابوو لەوەی بەدەست ئەو پیرێژنە بووایە بەشەق لەم وڵاتەیان دەریدەکرد..

ـ خوا دەزانێ چەندی بەخێو کردووە و لە هەژدەساڵیاندا وێڵیان کردوە، ژیانی ئێرە ئاوایە زۆر دەکەن و زۆر هەوڵ دەدەن و ئەنجامەکەشی، یا بەتەنیا دەژین، یان ئەگەر شانسیان هەبێ، سەگێکیشیان تا سەرەمەرگ لەگەڵ دەبێ، هەموو خێزانەکە لە ئەنجامدا دەبنە زەلامێک و سەگێک.. خۆ ئەوانەی سەگیان نییە خواخوایانە یەکێک ببینن و تا ئێوارە بە قسەی پڕوپووچ بیبەنەسەر.

پیرێژنی پشتگوێ خست و بەهەردوو دەستی کەوتەوە وێزەی کاغەزو توونتنەکە.....

**ـ ئەو ـ**

لەسەر کورسیەکەی مەیدانی شار دانیشتبوو، هەموو بیرو هۆشی تەنیا بەدەوری جوانەمەرگدا دەخولایەوە... بووبووە سێبەر و تارمایی ئەو... کەبەرچاوی لێڵ دەبوو، بۆ چاویلکەکەی دەگەڕا، بەڵام ئێستا لەگەڵ ئەوەش ڕاهاتووە و دەزانێ کە ژان و پەژارەی دڵە و کانیی فرمێسکی چاو دەتەقێنێتەوە. دەڵێن کانی فرمێسکیش وشک دەکا، ئەی تۆ بڵێی ئەو خاوەنی دەریای فرمێسک بێ، وا کوڵمەکانی خووساندووە و وشک هەڵاتووە ؟!

چەندین جار دەچووە بازاڕ بۆ کڕینی پێویستیەکانی ناوماڵ. بەڵام بێ ئەوەی هۆشی لای خۆی بێ ڕووی دەکردە مەیدانی شار و ماوەیەک دادەنیشت. گێژەڵووکەی خەیاڵ ڕاپێچی لای جوانەمەرگی دەکردەوە، هەندێ جاریش ئەوەندە شەکەت بوو، بەدەم خەیاڵەوە وەنەوزی دەدا و خەو دەیبردەوە.. پاشان وەک پرۆگرام کرابێ لۆژلۆژ دەگەڕایەوە ماڵە چۆڵ و نووتەکەکەی، بێ ئەوەی بزانێ بۆچی چووەتە بازاڕ و کەی گەڕاوەتەوە. چەندین جار یەخچاڵی بەتاڵی کردووەتەوە و بێ شێو سەری ناوەتەوە.

بەڵام ئەم جارەیان بەنیازی مەیدانی شار هاتووە، دەیەوێ هەندێ پارە بخاتە سەر ئەو کۆنتۆیەی بۆ کوردە ئاوارە سەرگەردانەکانی سەر سنوور کراوەتەوە. بەر لەوەی بچێ بۆ بانک، بەچەند قۆناغێک لەسەر کورسیەکە دانیشت و دەستی لە گالیسکەکەی بەردا کە وەک دارشەق بەکاری دەهێناو هەرچیەکیشی بکڕیایە تێی دەکرد و بەرەو ماڵەوە پێش خۆی دەدا... ئەمجارەیان خۆی جڵەوی بۆ خەیاڵ بەرەڵا کرد. ئەو هێز و وزەیەشی نەماوە خەیاڵ شێتگیر بێ و لیی یاخی بێ. هەمان خەیاڵ و هەمان یادگار بە مێشکیدا دین و دەچن و جاری وا هەیە خەیاڵەکانی وەک خەتی دەفتەرێکی بەردەستی منداڵ بەیەکدا دەچن و لەیەکتر جیا ناکرێنەوە. هەندێ جاریش ئەوەندە ڕوون و ئاساییە، دەڵێی لەگەڵ جوانەمەرگ دانیشتووە و دەردی دڵی خۆی بۆ بەیان دەکا. یان بە پێچەوانەی جارانەوە، ئێستا بەرگری لەڕایەکانی ئەو دەکا

(ئەم وڵاتە پێویستی بەسەر نییە.. تەنیا ماسولکەی دەوێ. ئەگەر سەریش هەبێ هەرئەبێ ماسولکەیی بێ و لە خزمەتی چاوچنۆکەکاندا بێت، بۆی نییە لەسنووری دیاری کراو بچێتە دەرەوە، تا ئەو سنوورەی بۆت کێشراوە ئازادیت، بەڵام کە پێت هەڵهێنایە ئەو دیوی خەتەکە، دەبیتە تیرۆریست وسزا دەدرێیت، هەوا و دارو بەردیان لێ کردووین بە ژەهر)

کاتی خۆی ئەو قسانەی (یۆرگن ) ی بە زیادەڕۆیی دەدایە قەڵەم و ئومێدی دەکرد کامڵانە و هۆشمەندانەتر بیر لەدەوروبەری خۆی بکاتەوە، بەڵام ئێستا کەدێتەوە بیری، سەری ڕەزامەندی و تەنانەت سەلماندنیشی بۆ دەلەقێنێ..خەیاڵ ڕاپێچی کردەوە بۆ ڕۆژانی دەمەتەقێ و ناڕەزایی دەربڕینی یۆرگن :

- ئاخر ئێمە پەروەردەی جەنگین، لەجەنگێکدا هاتووینە دنیاوە و جەنگێکی تریش پەروەردەی کردووین... جەنگ بووە بەبەشێک لەژیانمان... ئێمە نەوەی جەنگین... کەس بەقەدەر ئێمە هەست بە کارەساتی جەنگ ناکات.. زۆر درەنگ زانیمان کە نازیەکان بۆ ئاگر خۆش کردن پەروەردەمان دەکەن.. دەمانکەن بە سووتەمەنیی، بۆیە بەو پەڕی ئومێدەوە چاوەڕوانی کۆتایی ئەو ماڵ وێرانییە بووین.. دەمانزانی دەبێ لەسفرەوە دەست پێ بکەینەوە.. بەڵام پاش جەنگ، دەبوو کاربکەین تا بەسفر بگەین و سەرلەنوێ دەست پێ بکەینەوە... وڵاتێکی کاول و بەسەر یەکدا ڕووخاو.. نەک هەر ئەوەندە بەڵکو ناخیشمان تاڵان و فەرهوود کرابوو، ئاواتەکانمان لەچاڵ نرابوون و کاراکتەرمان بریندار کرابوو، وڵاتەکەمان، ئەو وڵاتەی بەتەما بووین ببێ بە سەردەست و گەورەی هەمووان، ببوو بە کەلاوەیەکی وێرانەی گەورە... لەگەڵ ئەوەشدا کە پێویستمان بەنان و خۆراک بوو.. پێویستمان بە حەواندنەوە بوو، دەبوو ڕۆژی چەند سەعاتێک سەرە بگرین بۆ یەک سەتڵ ئاو، سەرەڕای ئەو هەموو چەرمەسەریەش.. ژنان و منداڵان و پیاوی پیر بووینە هاوەڵی پاچ و خاکەناز و پشوومان بە خیانەت دەزانی.. تا هەندێ لە پیاوەکانیشمان ئازادکران و بەنەفسی بریندارو لووتی نەوی کراوەوە گەڕانەوەو ئەوانیش، لەجیاتی ئەوەی بۆ وڵاتی خاپوور بلاوینەوە، دەستیان دایە بێڵ و پاچ و بەچەند مانگێک

وڵاتەکەمان لەداروو پەردووی ڕووخاو پاک کردەوەو کەوتینەوە بنیادنانی.. دەزانن ئەو کاتانەی کەزۆر بەپەرۆشەوە بناغەی وڵاتەکەمانمان دادەنایەوە، نەمان دەزانی چارەنووسمان بەچی دەگا و چیمان لێ دەکەن و چۆن وڵاتەکەمان دابەش دەکەن و بەر چ لایەنێک دەکەوین، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە هەر کۆڵمان نەدا و شەو و ڕۆژ هەر خەریک بووین.. تا لەماوەیەکی ڕێکۆرددا کردمانەوە بەم وڵاتەی کە دەیبینیی... ڕێی زانستمان گرتەبەر و بووین بەم وڵاتە پیشەسازیەی ئێستا....

ـ ئەم وڵاتەی تۆ شانازی پێوە دەکەیت، جەنگێکی ئابووری پێک هێناوەو هێتلەرەکانی ئەمڕۆ سێبەرەسمێڵ بەبەر لووتیانەوە نییە و چەک بەکار ناهێنن، بەڵکو ئەیفرۆشن بەوانەی بەکاری دەهێنن... لەپێناوی دەسکەوتدا هەموو شتێک دەکەن، بازرگانی بەخەڵکی چەوساوەو ژێردەستەوە دەکەن، ئەمان چەک دەفرۆشن ئیتر هەقیان نییە بەسەر بەکارهێنانییەوە، نا نا چۆن هەقیان نییە، مەشق بەجەللادەکانیش دەکەن بۆ چاکترین کەڵک وەرگرتن لە بەکارهێنانی چەک و ئامێرەکانی ئازاردان و جینۆسایدە.. تەنیا نەوت و پارە دەبینن و لە ئاستی کارەساتەکاندا کوێرن.. هەر کارگە دەکەنەوە و هەوا پیس دەکەن و زبڵ زیاد دەکەن.. خۆ ئەگەر زبڵی ئاساییش بوونایە دەمانوت قەیدی نییە، بەڵام پاشماوەی کیمیایی و ئەتۆمیش دەکەن بە گەرووی زەوی و دەریادا و ژیانی تیا ناهێڵن، ئیتر ئەگەر لێرە بێ یا لەوڵاتێکی بەپارە فرۆشراودا، هەر ژەهرەو دەیپرژێنن.

دیسان سەری ڕەزامەندی لەقاند و گەڕایەوە بۆ قۆناغێکی دی، باری ئاسایی خۆی وەرگرتەوە، پێستی ئەوەندەی چرچ و لۆچ تێ کەوتبوو، وەک ئۆکۆردیۆن دەهاتە پێش چاو، لەوە دەچوو پێستی بەچەند نمرەیەک لەجەستەی گەورەتربێ و جێی دووکەسی وەک ئەوی تیادا ببێتەوە، بۆیە پێستی ژێر چەناگەی داکەوتبوو و کاتێ دەستیشی بەرز دەکردەوە پێستەکەی شۆڕ دەبۆوە و گۆشت و ئێسقانی فەرامۆش دەکرد، دەڵێین گۆشت و ئێسقان بەڵام لەحاڵەتی ئەودا چەق و ئێسک ڕاسترە.. ڕوومەتەکانی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بە کوڵم ناوبرابوون لە چاڵێکدا نیشتەجێ ببوون.. وەک زەویەکی بێ ئاو، خۆی وای بۆ دەچوو فرمێسکەکانی خوێیان تیادا بەجێهێشتبن و وشکیان هەڵهێنابن... ئەو داهێنانی خۆی لە بازنەی بیری یۆرگنەوە بەر چاو دەکەوت.. دیسان بەدەنگی بەرز بیری دەکردەوە

ـ ڕاست دەکا، ڕاستی دەکرد، هەر کارگەی تازە دەکەنەوە و سروشت کۆڵەوار دەکەن...

(دەنگێکی شەیتانی لەناخیەوە بەزبووەوە و ئاسوودەیی خستە مەترسییەوە)

ـ خۆ تۆ تا مردیش هەر دژی ڕایەکانی یۆرگن بوویت، دەتوت ئێوەمانان دوژمنی شارستانی و زانیاری و پیشەسازین.. دیارە ئێستا لەدووری یۆرگن باوەڕت بە قسەکانی هێناوەو دەتەوێ لەگۆڕەکەیدا چاو لێکنێ و ئاسوودەبێ.

وروژمی سۆزی دایکایەتی، لەناخەوە ئەمی سڕیبووەوەو بیر وبۆچوونی یۆرگن، لە بیر و هۆشیدا چەکەرەیان کردبوو، بۆیە خەتێکی ڕاست وچەپی بە دەنگی ناقۆڵای مێشکیدا هێنایەوەو سەری ڕەزامەندی بۆ دڵی ڕاوەشاندەوە.

ئەو دەیزانی دوو جەنگی جیهانی ڕوویانداوەو ژمارەیان بۆ دانراوە.. بەڵام نێوان ئەوان و دوای ئەوانیش دەیان جەنگی ناهەموار و وێرانکەر ڕوویانداوەو ژمارەیان پێ نەدراوە.. ئەو دەیزانی ئەوانەش جەنگی جیهانین و جەنگی نادیار و حەشاردراویش زۆرن... وای بۆ دەچوو لە ژمارە نەیەن بۆیە ژمارەیان پێ نەدرابێ...

ـ ژەهری ئەو کارگانە ئاوابکەن، بەردەوام نەخۆشی زیاد دەبن و گیرفانی چاوچنۆکەکانیش، هەر پڕ و پڕتر دەبن.. تا گیرفان و حسابی ئەوانیش زۆر بێ، هەر زیاتر کارگە دەکەنەوە و زیاتر ژیانمان ژەهراوی دەکەن، بەو شێوەیە و لەسەر ئەو بنەما ماتماتیکیە وای لێ دێ خەڵکی بەر دەرگاکانیان بە بۆیە سەوز بکەن، بۆ ئەوەی لەڕەنگی چیمەن بچێ.. ئینجا کارگەی تر دەکرێنەوە بۆ دروستکردنی درەختی نایلۆن و گوڵی نایلۆن و ڕوەکی نایلۆن و بۆ ئەمانەش کۆمەڵێ کارگەی نوێ دەکەنەوەو ئەوەندەیتر سروشت دەشێوێنن...ئەم خەیاڵەیان ختووکەی گیانی دەدا.. وەك شتێکی نوێی دۆزیبێتەوە و کەس درکی پێ نەکردبێ

ـ یۆرگن لەکوێت بێنم، دایکت ببینی چەند ڕۆشن بیر دەکاتەوە.. ئەوەتا منیش هەست بە گرفتەکە دەکەم و لەوەش زیاتر، دەزانم کە زانستی نوێ ئەوەندەی بێکار زیاد کردووە، بووە بە دیاردەیەکی شووم و زەنگی دواڕۆژێکی تاریك لێ دەدا..بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەنا نابەمە بەر ئەو دوابڕاوانەی زوو تۆیان لێ فڕاندم، ئەی گوایە خۆت نەتدەزانی هەر ئەو چاوچنۆکانە، ئەوانەش دەفرۆشن و بەوەش هەر سامان پێکەوە دەنێن؟ !!! ئەی تۆ چۆن یاخیەك بووی لەو کۆمەڵگایەو زەهرەکانیشیت بەکار دەهێنا ؟!!!.

ئەو خەیاڵەکانی وەك دایکێکی شپرزە و تەنیا بە مێشکدا تێدەپەڕین، لەناکاو ئەمی لەوبەرەوە دی، مێشکی وەك دەسرازەی کۆرپە ڕەویەوە... هەموو دەورووپشتی لەبەرچاو سڕایەوە و تەنیا ئەمی دەدی .. بەدەست و پلیا دیار بوو، هێشتا نەشارەزایەو نازانێ بیپێچێتەوە... زۆر بەڕوونی ئەمی دەدی.. بەری چاوی بەتەواوی ڕۆشن ببوو

ــ دیارە تازە ڕاپێچی ئەو دنیا نووتەکە کراوە.. نامۆیە.. بە سمێڵی ڕەشیدا دیارە تورکە... لەبرسا هاتوەتە ئێرە و، ئەم کۆمەڵگا بۆگەنەش زوو خەڵك بەند دەکات و گیرۆدەی ئەو دنیا چەپەڵەی دەکات... دەبێ یارمەتی بدەم، هەرچەندە هاوجنسم نییە بەڵام یۆرگن وتەنی ئەمانیش مرۆڤن.. نا نا ناهێڵم لەو جیهانە پڕمەترسیەدا بمێنێ.. دەچم بۆلای، یەکسەر ناچمە باسەکەوە، وردەوردە بۆی دەکشێم و پێی دەسەلمێنم کە ئەو ڕێگایە ڕێی نەهامەتییە و، نوقوم بوونی هەیە و دەرهاتنەوەی مەحاڵە.. بەڵام چۆنی تێ بگەیەنم ؟! خۆ ئەمانە چەند ساڵ لێرە بمێننەوە فێری دوو ڕستەی ئەڵمانی نابن...

لەمێشکیا زۆر هێنای و بردی و تاووتوێی کرد و نەگەیشتە ئەنجام، بۆیە هێزی دایە خۆی و بەهۆی گالیسکەکەیەوە ڕاست بۆوە و بڕیاریدا بچێتەلای و ڕێ لەو تاوانە بگرێ.

**ــ دیسان ئەم ــ**

پیرێژنی لەدوورەوە بەدی کرد، دیاربوو بەرەولای ئەم دێت و بزەیەکی سارد لەسەر لێوێتی، ئەم هێشتا لەبیری ئەوەدابوو کەی مەسەلەکەمان دەبێ بە مەسەلەیەکی سیاسی و لەوقاڵبە بەزەیی و نزمیە مرۆڤایەتییە دەرباز دەبێ..

ــبەخوا پیرێژن نزیك بۆوە و ئەیەوێ ئەمڕۆ بەمن بەسەر بەرێ.. دیارە لەو پیرێژنانەیە کە سەگیان نییە، عەوداڵی زەلامێکن ڕۆژی پێ بەسەر بەرن.

بۆیە بەپرتاو ڕاست بۆوەو خەم و پەژارەکانی پێچایەوەو بەپەلە مەیدانی شاری بەجێ هێشت.